یەک خوولێ نەوینی کوێر کوێرانەی بەرەی مێش هەنگوین نییە، گیانی پلورە، ئەرک و ئەسپاردەی  هەر یەک لە مێشەکانی ناو پلورە بە پێی شیاوی و کارو لێهاتوی یان دیاری ئەکا و هەر یەکەیان ئەنێرێتە بەر کارێک.

گیانی پلورە بە مێش هەنگوینە ئەندازیار و بەننا و کرێکارەکان دەستور ئەدا شانە ساز بکەن گیانی پلورە لەرۆژ و کاتێکی دیاری‌دا بەگشت هەنگەکانی ناو پلورەکە، فەرمان ئەدا کە لە پلورە بچنە دەرێ و پورە و شلغە بدەن وبۆبە دەس هێنانی هێلانەی تازەو نوێ خۆیان بدەن بە دەس رووداوەی نا دیار و خۆ بخەنە ناو دەرد و مەینەتەوە!

ئێمە ناتوانین بزانین قەوانینی شارە مێش هەنگوین لەلایەن گیانی پلورە دانراوە لەکێهەکۆری راوێژا، دەخرێتە گۆر و لێ دەبرێن بەرێوەی ببەن و کێ یە وا فەرمان ئەدا، کەلە رۆژی دیاری کراوا برۆن.

ئەرێ! لە ناو پلورەدا بەرکوڵی کۆچ کردن بۆ بەرێوە بردنی فەرمانی ئەوەی وا چارە نوسی مێش هەنگوینەکانی بە دەسەوەیە ساز و ئامادە ئەکرێ. (۳۵ و ۳٦ میش هەنگوین، نوسراوی میترلینگ)

بەلاّم ئەشێ بێژین ئەگەر ئەو زانایە لە بەر ئەوەی مێشکی بەلغی ئەنبوژەنی و ماددی بۆکشانی لێ نیشتووە، بە نا روناکی قسە لەم مەبەستە ئەکا، ئێمە بە کەمێک سەرنج دان بەرێنۆینی قورئان زۆر بە چاکی و روناکی بۆمان دەر ئەکەوێ کە ئەو هەمووە نەزم و بەرنامەیانە، لەکوێ وەیەو رێک و پێک کارەوە و فەرمان دەری ئەوانە کێیە؟!

قورئانی پیرۆز چەن بە جوانی و پڕواتایی یەوە فەرمویەتی:

(وَ اَوْحَىٰ رَبُّكَ اِلَى النَّحلِ ...)

پەروەردگارت بۆ مێش هەنگوین وەحی و ئیلهامی زاتی و غەریزی نارد.

ئالەمە تەر و پاراوتر و پڕ و وتەژی تر و گۆیاتر بە زار و زوانی هیچ کەسێکا نایە و نەش هاتووە، هەرچی لە بابەت ئەم گیان‌لە بەرە ئێسک سوک و رەزا شیرن و بەکەڵکە وە، قسە بکەین هێمان هەر کەمە بە لاّم هەر چەن قسەش بۆ پەی بردن بەگەورەیی و مەزنی پەروەردگار بۆ ئەوانەی وا خودان هرزو بیرو ئەندێشەن و

فه رهه نگیله

| WAJE | RAWET |
|---|---|
| واژه | راوه ت |
| **ئه** | ئامرازی گه یاندنی ئایه نده: (ئه خوّم، ئه نوم). |
| ئه رک: | پیّویستی سه رشان، کاری لازم، وه زیفه، ئه سپارده. |
| ئه ز: | من، ئه گه ر دیتیانم ئه زم، ئه گه ر نه یان دیم دزم (مه سه له). |
| ئه ستوّ: | سوکر، مل، گه ردن |
| ئه نزان: | مرۆڤ، ئینسان |
| ئه زمون: | تاقی کردنه وه، زمنای |
| ئه ویندارى: | دلّبون، دلّدارى، بیّدارى، ئاشقی |
| ئه ستیّره: | ستیّر، ستاره |
| ئه قلّی: | ژیرى، هوّشی، هوّش |
| ئه ندیّشه: | بیر، هزر، فیکر |
| ئه ده لیّته خوارێ: | ئه رواته خوارێ، له ریشه‌ی ده لیّنه، ده لیّن: داداں، خزینه خوارێ، کوزه که ئاو ئه ده لیّنێ، یانی نمه نمه ئاوی لێ ده چێ. |

